العام اللاجئين العراقيين الاتحاد

THE INTERNATIONAL FEDERATION OF IRAQI REFUGEES

# بەشداری کردن لەهەڵبژاردنەکان ، وەرگرتنی پەنجەمۆرە بۆ دیپۆرت کردنەوەتان !

# نابێت پەنابەرانی کورد و عیراقی لە هەڵبژاردندا بەشداری بکەن !

لە گەرماو گەرمی هەراوهوریای حزب و لایەنەکانی سەر بە ( حکومەتی کاتی عیراق )، لەبارەی دەنگدان و هەلبژاردنەوە ( ڕێکخراوەی نێودەولەتی بۆ کۆچ ) ڕایگەیاند کە نزیک بە ملیۆنێک عیراقی نیشتەجێ ی وولاتانی دەرەوە مافی دەنگدانیان لە هەلبژاردنی **30**ی کانوونی دووەمدا پێ دەرێت. لەو بارەشەوە **14** بنکەی دەنگدان لەو وولاتاندا دیاری کردوە کە زیاترین ڕێژەی پەنابەرانی کوردو عیراقی تێدایە. ئەم هەوڵە لەکاتێکدا کە حکومەت ودەزگاکانی راگەیاندنیش لەم وولاتانەدا گرنگیەکی زۆریانداوە بەم مەسەلەیە بۆ پشتگیری کردن لەم بەڕیوەبردنی هەلبژاردن. بۆ هەموو لایەک ڕۆشنە هەلبژاردنیک کە لەسەرەتایترین پرانسیپ وبنەماکانی خۆی بەهرمەند نەبیت، هەلبژاردنێک لە وولاتێکی وەهادا ئەنجامبدرێت ڕۆژانە دەیان کەس بکوژرێت وشەڕوکوشتارو وێرانکاری لەوپەری بالادەستی خۆیدابێت وکاربگات بەوەی کەبەهۆی نەبوونی ئەمنیەت وئاسایشەوە کاندیدەکان نەوێرن وێنەو ڕیکلامی ئاسی خۆیان بکەن. هەلبژاردنیک کە بەر لەدەست بەکار بوون هەموو کورسی یەکانی دابەش کرابێت وپشکی هەر حزب ولایەنێک بەر لەدەست بەکاربوون دیاری کرابێت، ئیتر ئاخۆ بەهاو گرنگی دەنگدانی هاولاتیان لە چی دابێت و چی بێت لەم جۆرە دەنگدانە بێ ماناترو مەهزەلەتر ؟ بەلام بەدەر لەهەموو ئەمانە لایەنکی تر ئەم هەڵبژادنە کە دەبێت پەنابەران زۆر ووشیارانە مامەڵەی لەگەڵدا بکەن، چارەنووسی چاوەرانی چەند ساڵەی خۆیانە بۆ بە دەستهێنانی مافی پەنابەری. ڕۆشنە زۆربەی زۆری ئێمەی پەنابەران لەکاتیکدا هاتووینتە ئەم وولاتانە کە هێشتا بەعسی گۆڕبەگۆڕ دەستەلاتدار بوو لەعیراقدا وە بەجۆریک کیشەی هاوبەشی هەموو لایەکمان مەسەلەی بارودخی سیاسی عیراق و بەتایبەت نەبوونی ئاسایش بوو. بەلام ئێستە بەدانانی سندوقەکانی دەنگدان و بانگیژەکردنی پەنابەرانی کوردو عیراقی بۆ دەنگدان، ئەمە ڕاستەخۆ یانی ڕەسمیەتدان بەوەی کە عیراق بە کوردستانیشەوە لەبارودۆخێکی ئاسایش و دیموکراسی بەهرمەندە. کەواتە ئیتر بۆ دەبێت ئەم وولاتانە مافی پەنابەری بۆ ئێمە قایلبن ؟ لە راستیدا هەروەک چۆن دەنگدانی خەلکی کوردستان بۆ هەلبژاردن یانی لکاندنەوەی کوردستان بە عیراق و چوونەوە ژیر دەستەلاتی ئیسلامی سیاسی وحکومەتەکەی ئەو علاوی ویاوەرەی کەبەر لە قوناغی دەنگدان دەنگی شوفینیستانەی خۆیان دەژ بەخەلکی کورد و چارەنووسی کوردستان دیاری کرد. چۆنی پەنابەران بۆ سەر سندوقەکانی دەنگدان یانی پەنجەمۆرکردنی بە یاسای کردنەوەی دیپورت کردنەوەمان بۆ ئەو وولاتە ئازادو ئاسایشەی کە ئێمە لە هەندەرانیشەوە دەنگی بۆ دەدەین. کە ئەمە پڕاو پڕ پێچەوانەی کەیس و داخوازیەکانی خۆمانە.

کەواتە ئێستە جیگەی خۆیەتی سەرەنجی ئەوە بدەین کە ئایا هۆی چی یە ( ڕێکخراوەی نێودەولەتی بۆ کۆچ ) بە ریکخستنی سندوقی دەنگدانەکان هەلدەسیت. هەر کەسێک بەهەرڕادەیەک ئاشنابێت بەکارو ئەرکەکانی ئەم ڕێکخراوە ئەوە دەزانێت کە کاری سەرەکی ئەم ئۆرگانە نیونەتەوەی ڕێکخستن و تەداروکی گەرانەوەی پەنابەرانە بۆ وولاتانێک کە لێوەی هاتوون. بۆیە بەکردوە ئەنجامدانی ئەم کارە لەلایەن ئەم ئۆرگانەوە جۆریک لە ڕەسمی یەتدان بە گەرانەوەی پەنابەرانە بۆ عیراق وکوردستان. دیارە هەروەک چۆن بۆ حزب و لایەنەکانی نێو ( حکومەتی کاتی عیراق ) ئەنجدامدانی ئەم هەڵبژاردنە لە هەندەران کارێکی بەسوودو گرنگە بۆ شەرعیەتدانی بە دەستلاتی حکومەتی ئایندەی عیراق. هاوکات هەلوێستی ئەم وولاتانەش هەر لەسەرەتای گۆربەگۆرکردنی حکومەتی بەعسەوە ئاشکرابوو کە لە چ پیشبڕکێ یەدا بوون بۆ دیپۆرتکردنەوەی **4**ملیوین پەنابەری کوردو عیراقی کە ئە دانانی سندوقەکانی دەنگدان باشترین فرسەتێکە بۆ عەمەلی کردنەوەی پیلانەکانیان لە پەیوەند بە گەرانەوەی پەنابەران .

بۆیە فیدراسیونی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی داوا لە هەموو پەنابەران دەکات کە بەهیچ جۆریک لەم دەنگدانانەدا بەشداری نەکەن و هاوکات پێویستە پەنابەران ڕاشکاوانە بەرامبەر بەم ادعا پروپوچانەی هەڵبژاردن ڕابوەستنەوەو دەنگی نارەزایەتی خۆیان بەرزکەنەوەو دژ بەم گالتەجاری یەو دژ بە شەڕوکوشتارو نائەمنی عیراق ولکانەوەی بەزۆری کوردستان بەعیراق وپلانی گیرانەوەی پەنابەران بۆ وولاتێک کە لە سەرەتایترین بنەماکانی ئاسایش و ماف و ئازادیەکانی ئینسان بەهرەمەندنیە

فیدراسیونی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی

**کانوونی دووەم 2005**